# پێشمەرگەی سلێمانی یاریزانانی سویدی و نەرویجی دەهێنێتە ریزی یانەکەیان



دوای ئەوەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ڕاهێنەری لاوی یانەکەی فاتیح حەمەخانی بە ڕاهێنەری یەکەمی تیپەکە دەست نیشان کرد، بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە هەردوو خولی یانەکانی عێراقی و خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ئێستاشدا دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەری یانەکە لەهەوڵی تۆکمە کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەن لە هەردوو خول، بۆ ئەم مەبەستەش لەهەوڵی ئەوەدان چەندین یاریزانی بەتوانا بهێنێتە ریزی یانەکەیان و هەوڵیش بۆ هێنانی یاریزانانی دیکەش دەدەن. لەم بارەشەوە فاتیح حمەخان بە فایلی وەرزشی گوڵانی گوت «ئێمە لەهەوڵی بەردەوامداین بۆ بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان بۆ هەردوو خولی عێراق و کوردستان،لە ئێستاشدا لە مەشقی بەردەوامداین بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین و ئەنجامیشمان هەبێت لەسەر ئاستی کوردستان و یانەکەشمان بگەڕێتەوە بۆخولی بژاردەی عێراقی، بۆ ئەم مەبەستەش گرێبەستمان لەگەڵ ژمارەیەك یاریزاندا مۆرکردووە، بەنیازیشن چەندین یاریزانی دیکەش بهێنین، یاریزانەکانیش بریتین لە:

١-ئەحمەد سالار لە یانەی سلێمانی، بڕی گرێبەستەکەی ١٩ملیۆنە

٢-سەربەست سەعید لە یانەی نەورۆز،بڕی گرێبەستەکەی ١٤ملیۆنە

٣- محەمەد یەشار لە یانەی سەورە بڕی گرێبەستەکەی ١٤ملیۆنە

٤-سەرهەنگ کەریم لە یانەی سلێمانی بەبێ گرێبەست

٥-عەبدول حوسێن لە یانەی مەسافی ١٠ملیۆنە

هەروەها گوتیشی بەنیازن گرێبەست لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (هەڵوێست یاریزانێکی بەتوانایە لە وڵاتی نەرویج یاری دەکات لە خولی ئەو وڵاتە وبڕواش یاریزانێکی دیکەیە لە وڵاتی سوید یاری دەکات.

## کاوە ئیبراهیم لەگەڵ یانەی دهۆک دەمێنێتەوە

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو کاوە ئیبراهیم رۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی ئاستی توانای گۆڵچییەکانی یانەی دهۆکدا بینی، بۆیە بۆ ئەم وەرزەش یانەی دهۆك دوای چەندین هەوڵ و گفتوگۆ توانی کاوە ئیبراهیمی ڕاهێنەری بەتوانای گۆڵچییەکانی یانەکەی بۆ وەرزێکی دیکە درێژ بکاتەوە،لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵچییەکانی یانەی دهۆك گوتی « ئەوەی ڕاستی بێت بۆ ئەم وەرزەی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی ژمارەیەك لە یانەکانی خولی بژاردە پەیوەندییان پێوە کردم، بۆئەوەی سەرپەرشتیی گۆڵچیەکانیان بکەم، گوتیشی دوای چەندین گفتوگۆم لەگەڵ یانەی دهۆکدا، سوپاس بۆخوا هەردوولامان ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە بەردەوام بم لە سەرپەرشتی کردنی گۆڵچییەکانی یانەی دهۆك،بڕی گرێبەستەکەشم ٨٠ ملیۆن دینارە بە شێوەیەکی گشتی، سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆکیش دەکەم کە هاوکارێکی باشی منن، منیش خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کە ئەمساڵیش لەگەڵ یانەی دهۆك بەردەوام دەبم، ئاماژەی بەوەشکرد کە هەر چەندە گرێبەستی دیکەشم هەبوو،بەڵام یانەی دهۆکم لەگشت گرێبەستەکانی دی پێ باشتر بوو.شایەنی باسە کاوە ئیبراهیم یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی کوردستان وعێراق سەرپەرشتی چەندین یانەی بەناوبانگی کردووە.



## ئەمڕۆ لە هەولێر ڕاکردنی قەراغ شار ئەنجام دەدرێت



بەمەبەستی خزمەتکردنی یاریی ڕاکردن لە شارەکانی کوردستان و خزمەتکردنی وەرزشوانانی شاری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزش و لاوانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە ( ٥١ )ەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، ئەمڕۆ دووشەمە ٩/١٧ لە شاری هەولێر، هەشتەمین پاڵەوانێتیی ڕاکردنی کراوەی قەراغ شار بۆ کوڕان و کچان و وەرزشوانانی دێرین ئەنجام دەدات، مەراسیمی دەست پێکردنەکەش لەسەر ڕێگای بەحرکە بۆ ناوەندی وەرزش و لاوانی عەنکاوە دەبێت، ماوەی ڕاکردنەکەش بەم شێوەیە دەبێت، بۆ وەرزشوانانی دێرین ٣کم دەبێت و لە تەمەنی سەرووی ٤٥ ساڵییەوە دەبێت، بۆکچانیش ماوەی ڕاکردنەکە ٥کم و بۆ کوڕانیش ١٣کم دەبێت، لەم بارەشەوە هۆشەنگ عەبدوڵڵا بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان، بەفایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند: ئێمە ئامادەکاریی باشمان کردووە بۆئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە و خەڵاتی بەنرخیش ئامادەکراوە بۆسەرکەوتووان، پێشبینیش دەکەین ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی بەتوانای جیاجیا لە هەردوو ئاست بەشداربن، تاکو ئێستاش ئێمە لە ئامادەکارییەکانمان بەردەوامین و هەوڵیش دەدەین بە باشترین شێوە خۆمان ئامادەکەین.



# جوان جیهاد :
# بەهیوام خزمەتی زیاتری تۆپی تێنسی سەر زەوی بکەم

دیمانە: كارزان كانەبی

■ کە ناوی شــاری دهۆك دێت،ڕاســتەوخۆ ئەوەمان بیردێتەوە کە ئەو شارە هەمیشە بەوە ناســراوە کە ژمارەیەکی زۆر یاریزانی بەتوانای لە یاریی تێنسی سەرزەوی پێگەیاندووە و کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراقیان کردووە لە ئاستی ئافرەتاندا، یەکێك لەو یاریزانانەش کە خاوەن چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق و یانەی دهۆكدا، یاریزان جوان جیهادە، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ ی شاری دهۆکە،یەکێکە لە یاریزانە هەرەبەتواناکانی کوردستان و عێراق،ماوەی شەش ساڵە لەریزی هەڵبژاردەی عێراقدا یاری دەکات،خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ یانەی دهۆك لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا کە بۆماوەی زیاتر لە ٤ ساڵە پاڵەوانی عێراق وکوردستانە .ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازکرد:■

***ئاستی ئەم یارییە لە شــارەکانی کوردستاندا چۆن دەبینیت ؟**

-لە ئێســتادا من دڵخۆشم بە ئاستی وەرزشی تێنسی سەرزەوی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، یانەکانی کوردســتانیش لە جاران زۆر باشــترن و گرنگیی بەم یارییە دەدەن، لەو بڕوایەشــدام کە لە ماوەی داهاتوودا ئاستی ئەم یارییە زیاتر لە کوردستان و لە عێراقیشدا پەرەدەسەنێت،لە شــارەکەی خۆشمان بەردەوام لە بەرەو پێشچووندایە.

*** ئاستی ئەم یارییە لەشاری دهۆك بەردەوام لە بەرەو پێشچوونە، هۆکاری چیە؟**

- بەرپرســانی یانەی دهۆك و شــارەکە گرنگییەکی زۆر بە یــاری تێنســی ســەرزەوی دەدەن،بەهەموو ئاستەکانەوە،یانەکەشــمان یەکێکــە لــە یانــە هەرە بەتواناکانــی عێراق،تــەواوی یاریزانەکانمان لاون لەو یانەیە دروست بووینە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستاندا؟**

-گرنگیدانــی زیاتــر بەم یارییــە و خزمەت کردنی دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی بە ئاراستەیەکی باشتر، هەروەها کردنەوەی چەندین قوتابخانە لە شــارەکانی کوردســتان بۆئــەوەی چەند ســاڵێك ڕاهێنانیان پێ بکەین،دەبنە نموونەی باشــترین یاریزان لەسەر ئاستی عێراق بەردەوامیش خزمەتی ئاستەکانی تەمەن بکرێت پێم کارێکی تەندروستە .

***ئەو کێشەو گرفتانەی لە یانەی دهۆك بەرەو رووتان دەبێتەوە زیاتر لە چی ڕەنگ دەداتەوە؟**

-تاکو ئێســتا یانەی دهۆك نەیهێشــتووە هیچ کێشە و گرفتێکمان هەبێت، بەردەوام لە پشــتگیری کردنی ئێمــەدان بۆیە ئێمە رۆژ بەرۆژ ئاســتمان بەرەو پێش دەچێت.

*** لەسەر ئاستی جیهانی لە یاری تێنسی سەرزەویدا بە چ یاریزانێك سەرسامیت ؟**

- لە ئاستی کچاندا ماریا شاراپۆڤا و لە کوڕانیش بە ڕافایل نادال سەرسامم.

***ماڵەوە هاوکاریت دەکەن بۆ وەرزش کردنت کە ئێستا تۆ یەکێکیت لە باشترین یاریزانەکانی عێراقی؟**

-دەمــەوێ لێرەوە سوپاســی خانەوادەکەمــان بکەم، هۆکاری سەرکەوتنی من بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، هەردەم پشــتگیریم دەکەن، ناهێڵن کێشــەم هەبێت و زۆربەی جارانیش لە یارییەکان ئامادە دەبن و هانم دەدەن.

***چەند ساڵە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقیت ؟**

-ماوەی شەش ساڵە لەخزمەتی هەڵبژاردەی عێراقدام و چەندین ئەنجامی باشم لەگەڵیدا بەدەستهێناوە.

*** وەکو کچە یاریزانێك هیواو ئاواتت چیە ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم باشترین ئەنجام لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهان و بەدەست بهێنم ناوی خۆم و کوردستان بــەرز بکەمەوە.بتوانم لە پاڵەوانێتیەك بەشــداربم تا میدالیایەکی زێڕ بەدەست بهێنم.

***چی بەوکچانە دەڵێیت کە لە وەرزش کردن دوورن؟**

-بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بگەڕێنەوە بۆ وەرزشکردن، چونکە وەرزش ســوودێکی زۆر بە جەســتەی مرۆڤ دەگەیەنێت، هیوام وایە خانەوادەکانیش زیاتر گرنگی بە رۆڵەکانیان بدەن.

***دەڵێــن یانــەی دهــۆك هاوکارێکی باش وپشتیوانی تیپی کچانە؟**

-بەڵــێ ڕاســتە یانــەی دهــۆك، بەبێ دوو دڵی هاوکارێکی بەردەوامــی تیپی کچانە لە یاری تێنسی ســەرزەویدا، ئێمەش بە ئەنجامە باشەکانمان وەڵامی هاوکاری و پشتیوانییەکانی ئەوان دەدەینەوە، بەڵام یانــەی دهۆك گرنگیی بە هەمــوو تیپەکانی یانەکــە دەدەن وئەندامانی یانەکەش هەموویان لەخزمەتی شارەکەدان.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە بیڵێیت ؟**

- بەهیوای ئــەوەم خزمەتی زیاتــری یاریی تۆپی تێنسی ســەر زەوی بکەم و مێژوویەکی باش بۆخۆم تۆماربکــەم، ســوپاس بۆ گۆڤــاری گوڵانیش کە بەردەوام یاریزانانی کوردســتان لە هەموو شــارەکان بەسەر دەکاتەوە.



# نیمار بە توڕەییەوە .. من ماشێن نیم



ئەستێرەی بەناوبانگی بەرازیلی نیمار دا سیلڤا بە رووی رەخنەگرانی تەقییەوە دوای ئـەوەی چەندین رەخنەی ئاراســتەکرا بە هۆی ئـەوەی کە لەیارییەکانی هەڵبژاردەی بەرازیلدا گۆڵ تۆمار ناکات و دووپاتیکردەوە کە ئەو ماشــێن نییە و مرۆڤە . نیمار لە چەندین لێدوانی رۆژنامەوانیدا گوتی : گومانتان لە من هەیە و پێتان وایە کە من دەتوانم زیاتر لە توانای خۆم پێشــکەش بکەم، بێگومان من توانایەکی دیاریکراوم هەیە .هەروەها یاریزان نیمار لە درێژەی لێدوانەکەی گوتی: بۆ ئاگاداریتان من ماشــێن نیم، بەڵکو یاریزانێکی تۆپی پێ و مرۆڤم، ئێستا وا هەست دەکەم کە من لە رووی توانای جەستەیی و بیرکردنەوە ماندوو دیارم، هەوڵ دەدەم بۆ پێشــەوە برۆم و یارمەتی یانەکەم یانەی ســانتۆس، هەروەها یارمەتی هەڵبژاردەی بەرازیل بدەم کە خۆی بۆ یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ ئامادە دەکات.

شـایانی باســە یاریزان نیمار رووبەرووی هێرشێکی رەخنە بۆوە لــە دوای یارییەکەی باشــووری ئەفریقیــا و بە فیکــەی ناڕەزایی هاندەران یاریــگای بە جێهێشــت، لە هەمان کاتــدا رۆژنامەکانی بەرازیل هێرشێکی توندیان کــردە ســەر، بــەڵام راهێنەر مانۆ مەنیزیس بەرگری لە نیمار کرد و رایگەیاند کە تاکە هیــوای بەرازیلە لــە مۆندیالــی داهاتوو.

# دی ستیڤانۆ :
# پیلی باشترە لە میسی و کریستیانۆ

ئەفســانەی یانەی ریال مەدریدی ئیســپانی ئەلفریدۆ دی ستیڤانۆ پێی وایە کە ئەفســانەی بەرازیلی پیلی باشــترە لــە هەردوو یاریزانی ئەرژەنتینــی لیۆنیل میســی یاریزانی یانەی بەرشــلۆنە و یاریزانی پورتوگالــی کریســتیانۆ رۆنالدۆ یاریزانی یانەی ریــال مەدرید، دی ستیڤانۆ بە رۆژنامەی ئال کۆلۆمبیانۆی راگەیاند: باشترین یاریزان لە مێژوو، بێگومان پیلییە، میسی و کریستیانۆ دوو یاریزانی زۆر لێهاتوون بەڵام پیلی باشترە .

دی ستیڤانۆی تەمەن ٨٦ ساڵ بەراوردێکی نێوان میسی و کریستیانۆی کرد و گوتی : میسی لە لایەنی هونەرییەوە لە کریستیانۆ باشترە، ئەو لە ناوچەی سزا لێهاتووترە، بە رۆیشتن بە تۆپ و یاریکردن بە یاریزانانیش باشــترە، میسی تام لە یاریکردن وەردەگرێت، بەڵام کریستیانۆ لە رووی جەستییەوە لە میسی باشترە، کریستیانۆ خێراترە و یاریزانێکی ئازایە و بە هەردوو قاچی دەتوانێت گۆڵ تۆمار بکات .

شایانی باسە دی ستیڤانۆ لە ساڵانی ١٩٥٣ تا ١٩٦٤ یاری بۆ ریال مەدرید کردووە و بۆ هەڵبژاردەکانی ئەرژەنتین و کۆلۆمبیا و ئیســپانیا یاری کردووە، لەساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٩ تۆپی زێڕینی باشترین یاریزانی ئەورووپای وەرگرتووە.






## زاڤی هێرناندیز :
# دەمەوێ بەرامبەر بەرازیل یاری بکەم

یاریزانی هێڵی ناوەڕاســتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە زاڤی هێرناندیز ئەوەی ئاشکرا کرد کــە بڕیاری داوە تــا یارییەکانی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ لە یاریکردن لەگــەڵ هەڵبژاردەی ماتادۆر بــەردەوام بێت و ئاواتی ئەوەیە کە لەداهاتوو لە یارییەکدا رووبەرووی هەڵبژاردەی بەرازیل ببێتەوە . زاڤی لــە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا گوتی : دەمــەوێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە یاریزانە لێهاتووەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا تا مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ بەردەوام بم و دەسکەوتێکی تازە بەدەست بهێنین، ئێمە لە چەند ساڵی رابردوو بەرامبەر هەڵبــژاردەی بەرازیل یاریمان نەکردووە، یاریکردن بەرامبەر بەرازیل فاکتەرێکی بەهێزە بۆ من بۆ بەردەوام بوون لە یاریگاکاندا . زاڤی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیســپانیا هەردوو جامی نەتەوەکانی ئەورووپای ٢٠٠٨ و ٢٠١٢ و مۆندیالی ٢٠١٠ ی بەدەســت هێناوە، بەڵام تا ئیستا لە هیچ یارییەکی دۆستانە یان یارییەکی فەرمیــدا بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل یاری نەکردووە، زاڤی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیســپانیا ١١٧ یاری نێودەوڵەتی بەدەســت هێناوە و پێش دوو هەفتە بە هاوبەشــی لەگەل یاریزان ئیکەر کاسیاس خەڵاتی ئیستیریۆس ٢٠١٢ی بەدەست هێنا .

# پارالامپیادی لەندەن ٢٠١٢ .. چین زۆرترین میدالیای بەدەست هێنا

بۆ ماوەی نێوان ٢٠١٢/٨/٢٩ تا ٢٠١٢/٩/٩ لە شاری لەندەن یارییەکانی پارالامپیادی لەندەن ٢٠١٢ بۆ خاوەن پێداویستە تایبەتەکان ئەنجامدرا بە بەشداری ٤٢٠٠ وەرزشوان کە لە ٢٠ یاری وەرزشی ململانێیان دەکرد، لە ئاهەنگێکی سەرنج راکێشدا لە یاریگای ئۆلۆمپی کۆتایی بە یارییەکان هات، لە ئاهەنگەکەدا دێڤید کامیرۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا شانازی بە وڵاتەکەی کرد لە میوانداریکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپی و پارالامپی و دووپاتیکردەوە کــە هاوینی ٢٠١٢ لە یادی بەریتانییەکان دەمێنێتەوە، ئەم پاڵەوانەتییە ژمارەی پێوانەیی ئامادەبوونی شــکاند و زیاتر لە ٢,٥ ملیۆن کەس لە ناو یاریگاکان ئامادەبوون، لە پێشبڕکێیەکاندا وڵاتی چین زۆرترین میدالیای بەدەست هێنا، ئەمەش خشتەی ١٠ وڵاتی یەکەمە لە ریزبەندی گشتیی میدالیاکان:

**خشتەی میدالیاکانی پارائۆلۆمپیادی لەندەن**

| ز | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چین | ٩٥ | ٧١ | ٦٥ | ٢٣١ |
| ٢ | روسیا | ٣٦ | ٣٨ | ٢٨ | ١٠٢ |
| ٣ | بەریتانیا | ٣٤ | ٤٣ | ٤٣ | ١٢٠ |
| ٤ | ئۆکرانیا | ٣٢ | ٢٤ | ٢٨ | ٨٤ |
| ٥ | ئوستورالیا | ٣٢ | ٢٣ | ٣٠ | ٨٥ |
| ٦ | ئەمریکا | ٣١ | ٢٩ | ٣٨ | ٩٨ |
| ٧ | بەرازیل | ٢١ | ١٤ | ٨ | ٤٣ |
| ٨ | ئەڵمانیا | ١٨ | ٢٦ | ٢٢ | ٦٦ |
| ٩ | پۆلەندا | ١٤ | ١٣ | ٩ | ٣٦ |
| ١٠ | هۆڵەندا | ١٠ | ١٠ | ١٩ | ٣٩ |







## شنایدەر
## بۆ سێ وەرزی دیکە لە ئینتەر دەمێنێتەوە

ویســلی شــنایدەر یاریزانی هەڵبــژاردەی هۆڵەندا دووپاتیکردەوە کە تــا کۆتایی بۆندەکەی لە ســاڵی ٢٠١٥ لەگەڵ یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی بەردەوام دەبێت، شــنایدەر لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی زەســەنی بەریتانی هیوای ئەوەی خواســت لەگەڵ یانەکەی بەردەوام بێت و رایگەیاند بە هیچ شــێوەیەك بیری لە رۆیشتن لە یانەی ئینتەر نەکردۆتەوە . شنایدەر گوتی : دەمەوێ لێرە لە یانەی ئینتەر بمێنمەوە، بە هیچ شــێوەیەك بیرم لە رۆیشتن نەکردۆتەوە، بۆندێکم لەگەڵ نیراتزۆری هەیە تا ساڵی ٢٠١٥ هەیە و دەمەوێ بەلانی کەمەوە تا کۆتایی بۆندەکەم لەگەڵ یانەکەم بەردەوام بم . شــنایدەر بە هیوای ئەوەیە ســەردەمی زێڕینی راهێنەر جۆزی مۆرینهۆ لە ســاڵی ٢٠١٠ بگەڕێنێتەوە کە توانیان هەر سێ نازناوی خولی ئیتالیا و جامی ئیتالیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ببەنەوە، دواتر ئاســتی یانەی ئینتەر هاتە خوارەوە، شــنایدەر ستایشــی ئاستی راهێنەر ستراماچۆنی کرد و گوتی : تیپەکەم خۆش دەوێت، شــارەکەم خۆش دەوێت، هەروەها راهێنەریشــم خۆش دەوێت، راهێنەر بە باشی لە یاریزانەکان دەگات، ســتراماچۆنی وام لێدەکات کە هەســت بەگرنگیی خۆم بکەم لە تیپەکەمان و متمانەی تەواوی بە یاریزانەکان هەیە کە ئەوەش کارێکی زۆر باشە .



**لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ٨ی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێ**

# سێ شەممە هەولێر میوانداری کیلانتن

لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، وا بڕیارە سبەی سێشەممە ١٨ی سیبتمبر لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری کاتژمێر (٦,٣٠)ی ئێوارە یانەی هەولێر میوانداریی یانەی کیلانتان-ی مالیزی دەکات.

**هەولێر خۆی بۆ یارییەکە ئامادەکردووە**

بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ ئەم یارییە یانەی هەولێر ئۆردوگایەکی مەشقی لە وڵاتی ئوردن سازکرد و ماوەی ١٠ ڕۆژی خایاند، لەم ئۆردوگا مەشقییەدا ٤ یاری دۆستانەی لەگەڵ یانەکانی ئوردن ئەنجام دا، یەکەم یاری بەرامبەر یانەی شەباب ئوردن بوو و توانی ئەم یارییە بە ئەنجامی (٢-سفر) گۆڵ سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە ڕێگەی یاریزانان (نەدیم سەباغ، سەعد عەبدولئەمیر) تۆمارکران و لە دووەم یاریی دۆستانەدا ڕووبەڕووی یانەی حوسێن ئەربد بووە ئەم یارییە بە یەکسانی هەردوو لا بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ تەواو بوو تاکە گۆڵی یانەی هەولێر لە ڕێگەی یاریزان (هاوار مەلا محەمەد ) تۆمارکرا، سێیەم یاریی دۆستانەی یانەی هەولێر بەرامبەر یانەی فەیسەڵی ئوردنی بوو، یارییەکەش بە سەرکەوتنی یانەی فەیسەڵی تەواو بوو بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ، تاکە گۆڵی یانەی هەولێر لە ڕێگەی یاریزان (نەدیم سەباغ) تۆمارکرا، چوارەم یاری بەرامبەر یانەی جەزیرە بوو، لەم یارییەدا یانەی هەولێر توانی بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ بیباتەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە ڕێگەی یاریزانان (میران کەریم، هەردی سیامەند، لوئەی سەڵاح) تۆمارکران.

**دەستەی ناوبژیوانی لوبنانی یارییەکە بەڕێوە دەبەن**

یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بەفەرمی دەستەیەکی ناوبژیوانی لوبنانی دەستنیشان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکە دوای ئەوەی لە سەرەتادا وا بڕیارە بوو ناوبژیوانی یارییەکە سعودی بێت، بەڵام لەناکاو ناوبژیوانەکان لە سعودی بۆ لوبنانی گۆڕدرا، هەروەها مونعم




# ـــانی مالیزی دەکات

فاخوری ئوردنی سەرپەرشتیاری یارییەکەیە و سەرپەرشتیاری ناوبژیوانان ئێرانییە.

**هاتنەژوورەوە بە خۆڕاییە**

دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بڕیاری دا هاتنەژوورەوەی جەماوەر بۆ یارییەکەی ڕۆژی سێ شەممە بەخۆڕایی بێت بۆ ئەوەی جەماوەرێکی زۆر ئامادەی یارییەکە بێت بۆ پاڵپشتی کردنی یانەی هەولێر لەم یارییە چارەنووسسازەدا، چونکە ئامانجی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە بەدەستهێنانی نازناوە بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم یانەی عێراق و کوردستان نازناوێکی ئاسیا بە دەست دەهێنێت و چاوەڕوان دەکرێت لەم یارییەدا جەماوەرێکی زۆری یانەی هەولێر لە نێو یاریگا ئامادە بن و ببنە یاریزانی ژمارە ١٢ لەنێو یاریگادا.

**پێکهاتەی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتییەدا**

دوای ئەوەی یانەی هەولێر لیستی یاریزانانی یانەکەی ئاراستەی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا کرد بۆ جێگیرکردنی، بەفەرمی ئەم یاریزانانە دەتوانن لە یارییەکەی سبەی لەگەڵ یانەی هەولێردا بەشداری بکەن:

(نەریمان خدر (١)، هەردی سیامند (٣)، عەبدوڵلا بابا دیوب سەنیگال(٥)، هەڵگورد مەلا محەمەد (٧)، ساڵح سەدیر (٨)، عەمار عەبدولحوسێن (٩)، سلێمان مستەفا (سۆلە) ئۆگەندا (١٠)، لوئەی سەلاح (١١)، نەدیم سەباغ سوریا (١٢)، دیار رحمان (١٣)، ئیڤان بۆکینا ئۆگەندا (١٤)، میران کەریم(١٥)، میران خسرۆ (١٦)،نەبیل سەباح (١٧)، سەرهەنگ موحسین (٢١)، جەلال حەسەن (٢٢)، ولید سالم (٢٣)، سەعد عەبدولئەمیر (٢٥)، کۆسرەت بایز (٢٧)، حاتم زێدان (٢٨)، ئەمجەد رازی (٢٩)، ئەحمەد ئیبراهیم (٣٠).

بەهۆی پێکان یاریزانی مەهدی کەریم ناتوانێت بەشداری لەم یارییەدا بکات، هەروەها بەفەرمی داوا لە یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا کراوە بە زیادکردنی ناوی هەردوو یاریزان هاوار مەلا محەمەد و مستەفا کەریم بۆ بەشداریکردن لەم یارییەدا، چاوەڕوان دەکرێت ئەمڕۆ بەفەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری کۆتایی خۆی لەم بارەیەوە بدات.

**دەستەی ڕاهێنەران لە کارەکانی خۆیان بەردەوامن**

دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانی بۆ جاری چوارەم نازناوی خولی بژاردەی عێراق بە دەستبهێنێت دەستەی کارگێڕی یانەکە بەفەرمی بڕیاری دا دەستەی ڕاهێنەران لە کارەکانی خۆیان بەردەوام بن بۆ ئەوەی بتوانن لە جامی یەکێتیی ئاسیا نازناوێکی مێژوویی بۆ یانەی هەولێر تۆمار بکەن، دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە لە (نزار مەحروس (ڕاهێنەر)، فواز مەندۆ (یاریدەدەری ڕاهێنەر)، سامر ریحانی (ڕاهێنەری گۆڵچی)، عومەر مەجید (ڕاهێنەری گۆڵچی).

**سبەی سێ شەممە چوار یاری بەڕێوە دەچێت**

لە چوارچێوەی یارییەکانی جامی یەکێتیی ئاسیا لە قۆناغی هەشتدا،وا بڕیارە سبەی سێ شەممە چوار یاری لەم قۆناغەدا بەڕێوە بچن، لە وڵاتی ئەندنوسیا یانەی ئەریمای ئەندنوسی میوانداریی یانەی ئیتفاق-ی سعودی دەکات چاوەڕوان دەکرێت یانەی ئیتفاق ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنێت کە بە یەکێك لە پاڵێوراوەکان بۆ بەدەست هێنانی نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە دادەندرێت.

لە وڵاتی تایلاند یانەی تشنبۆری تایلاندی میوانداریی یانەی شوڕتەی سوری دەکات ئەمەش یەکێکە لە یارییە بەهێزەکانی ئەم پاڵەوانێتییە.

یانەی کوەیت لە وڵاتی خۆیدا (کوێت) میوانداریی یانەی وەحداتی ئوردنی دەکات ئەم یارییە بە لووتکەی یارییەکانی ئەم قۆناغە دادەندرێت، چونکە هەردوو یانە خاوەن چەندین یاریزانی بەتوانان، هەروەها یانەی کوەێت لە وەرزی ڕابردوودا توانی بگاتە یاریی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە، هەروەها یەك جار بووەتە پاڵەوانی جامی یەکێتیی ئاسیا.

جێگەی باسە یارییەکانی هاتن-ی قۆناغی هەشت لە ڕۆژی ٢٥ی سێپتێمبەر بەڕێوە دەچێت.